# داهاتووی ناکۆکییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ

**د. زوبێر ڕەسووڵ**، دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە هەرێمییەکان

**دەسپێک**

عێراقی دوای ۲۰۰۳ کە کورد ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە دروستکردنی، ئومێدێکی زۆری بە هەرێمی کوردستان بەخشی کە بتوانێت لە فۆڕمێکی نوێدا لەگەڵ عێراق بژیت، بە جۆرێک کە هەرگیز هەست بە هەڕەشە نەکات؛ بەڵام زۆری نەبرد پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا بوونە هەڕەشەیەکی بەردەوام، تا ئەو ئاستەی بیر لە هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە. ئێستا حکوومەتی فیدراڵ، یان وردتر بڵێین حکوومەتی تاکدەسەڵاتی شیعەکان، سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار و لەقاڵبدان دژی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنێت، کە زۆر جار هەست دەکەی بەغدا وەک وڵاتێکی بیانی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکات نەک وەک بەشێک لە عێراق و قەوارەیەکی فیدراڵ. ئەم نووسینە، شرۆڤەیەکە بۆ ئاییندەی ناکۆکییەکانی هەردوو لا بە ئاراستەی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکانیان، هەروەها چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ گوشارەکانی بەغدا.

**داهاتووی ناکۆکییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا بەرەو کوێ دەڕوات؟**

ڕاستییەکەی، ناتوانین بەوردی چوارچێوەیەک بۆ داهاتووی ناکۆکییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا دیاری بکەین، واتە ئاییندەیەکی ڕوون نییە بۆ پەیوەندییەکانی هەردوو لا؛ چونکە پەیوەندییەکان تەنیا وابەستەی فاکتەری ناوەخۆ نین، بەڵکوو وابەستەی فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتییشن. پرسی گرژییەکانی هەرێم و بەغدا تەنیا وابەستەی کێشەکانی ئەو دوو لایەنە نییە، بەڵکوو پاڵنەری تریش هەن کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و بەغدان. بەشێکی ئەو بارگرژییانە پاڵنەرە سەرەکییەکەی، ئێرانە؛ ئێران دەیەوێت گوشاری زۆر لە هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی نەتوانێت وەک جاران بەبێ بەغدا لەسەر پێ بوەستێت. **سیاسەتی ئێران ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی قەبارەی سیاسی، پێگەی سیاسی و پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی سنووردار بکرێت. یەکێک لەو میکانیزمانەی کە ئێران پشتی پێ دەبەستێت، حکوومەتی ئێستای زۆرینە شیعەیە لە بەغدا، بەتایبەت لە ڕێگەی دادگەی فیدراڵی و میلیشیاکانی حەشدی نزیک لە ئێران.** ڕەنگە ئەم دۆخەی ئێستا بەردەوام بێت، بە گۆڕانێکی کەم؛ چونکە ئەوەی دەتوانێت ئەم دۆخە بگۆڕێت سەرهەڵدانی دۆخێکی نوێی هەرێمی یان نێودەوڵەتییە لە ناوچەکەدا، یان گۆڕانە لە هاوسەنگیی نێوان هێزە هەرێمییەکانی وەک ئێران و تورکیا و وڵاتانی کەنداو، کە بەشێکن لەم فاکتەرە و دەتوانن لە پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و بەغدا، گۆڕان لە هاوسەنگیی هێز دروست بکەن. لە ئێستادا ئەستەمە عێراق واز لە گوشارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بهێنێت، چونکە وەک دەرفەتێکی دەبینێت. هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی لاوازدایە، بەتایبەت بە هۆکاری ڕێگرتن لە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان، دواتریش پێویستیی هەرێمی کوردستان بە پێدانی شایستە داراییەکانی؛ بەتایبەتیش

مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، گوشارێکی مەترسیدارە لەسەر هەرێمی کوردستان و، دەبێت بەجددی وەربگیرێت.

- **ئایا بەغدا دەتوانێت کۆتایی بە قەوارەی هەرێمی کوردستان بهێنێت؟**

بەغدا ناتوانێت کۆتایی بە قەوارەی هەرێمی کوردستان بهێنێت، نەک تەنیا لەبەر ڕووە دەستوورییەکەی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتییش لۆمەی زۆر دەکرێت و ئەمریکاش ڕێگر دەبێت؛ دواتر ئەمە پاشەکشێیە لەو فۆرمەی دوای ٢٠٠٣ دەوڵەتی عێراقی لەسەر بنیات نراوەتەوە کە شیعەکان سوودمەندی سەرەکی بوون لەو گۆڕانە بنەڕەتییە. خاڵی دووەم ئەوەیە، بەغدا ناتوانێت ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان و حوکمڕانیی ئەو جوگرافیا کوردستانییە بکات. هەرێمی کوردستان سێ دەیە دەبێت حوکمێکی خۆجێیی و کوردیی هەیە؛ ئەستەمە دوای سی ساڵ، حکوومەتێکی عەرەبی بێت و بتوانێت ئەو ناوچەیە بەڕێوە ببات. ڕێگەیەکی تر ئەوەیە کە بەغدا بەناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی چەند حزب و کەسایەتییەکی کورد و پێکهاتەکانی تری کوردستان، حوکمی کوردستان بکات. ئەمەیش دیسان ئەستەمە و دواجار ڕووبەڕووی بەرهەڵستیی خەڵک دەبێتەوە؛ ئەو لایەنەیش کە هاوبەشیی ئەم حوکمڕانییە لەگەڵ عێراق دەکات، پاش ماوەیەک ڕووبەڕووی بەرهەڵستی و تۆمەتبارکردنی بە خیانەتکاری دەبێتەوە. ڕاستە بەشێکی زۆری خەڵک ناڕازییە و داوا دەکات کە "مووچە بچێتەوە سەر بەغدا"، یان "هەرێمی کوردستان بچێتەوە ژێر دەستی بەغدا"، بەڵام ئەم دەنگانە زیاتر دەنگی پەرچەکردار و تووڕەیین بۆ حاڵەتێکی دیاریکراو، چونکە بەغدا ئەو مۆدێلە حوکمڕانییە نابێت کە خەڵکی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی دەکات. بەدڵنیاییەوە بەغدا باشتر لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکات، بەتایبەت کە بەغدا پەرۆشی ناڕەزایی خەڵکی کوردستان نییە؛ چونکە ئەم خەڵکە دەنگدەری حزبە شیعییەکان نین. بەغدا ئەوکات دەتوانێت حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان بکات کە خاوەن ئەزموونێکی زۆر باشتر بێت لە هەرێمی کوردستان؛ نەک تەنیا لە ڕووی ماددی و خزمەتگوزارییەوە، بەڵکوو لە بەها دیموکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤ و پرسی ئافرەت و هتد. بەڵام حکوومەتی فیدراڵ لە هیچ لەو بوارانەدا خاوەن ئەزموونێکی باشتر نییە لە هەرێمی کوردستان. ئەوەی کە وای کردووە بەشێک لە خەڵک خۆزگە بە حوکمڕانیی عێراق بخوازن، تەنیا پرسی مووچەیە؛ ئەوەیش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە عێراق دادپەروەرانە سامانی وڵات دابەش دەکات، یان گەندەڵ نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە شیعەکان دەوڵەتی عێراق بە ژێرخان و سەرخانەوە دەدۆشن و لە خزمەت خۆیان بەکاری دەهێنن. هەروەها بەرزیی نرخی نەوت لە ئێستادا، کە لە سەرووی ٩٠ دۆلارە، وای کردووە عێراق خاوەن داهاتێکی زەبەلاحی نەوت بێت؛ بە جۆرێک تەنیا [لە ٢٠٢١ لە ٧٥،٦ ملیار دۆلار بۆ ١١٥،٥](#) ملیار دۆلار زیادی کردووە. واتە ئەوەی دۆخی ئابووری و سەقامگیریی سیاسیی عێراقی ڕاگرتووە، تەنیا گرانیی نرخی نەوتە، نەک بەهێزیی ئابووریی عێراق.

بۆیە عێراق ناتوانێت مۆدێلێکی باشتر لە حوکمڕانی پێشکەش بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بکات، لەبەر ئەوەی، گەر عێراق جڵەوی فەرمانڕەواییش لە هەرێمی کوردستان بگرێتەوە دەست، بەڵام ناتوانێت زیاتر لە ساڵێک ئەم هەرێمە بەڕێوە ببات؛ چونکە ڕووبەڕووی بەرهەڵستکاریی جەماوەری دەبێتەوە. ئەوەی بەغدا لە هەرێمی کوردستانی دەوێت، کە لە بنەڕەتدا زیاتر ستراتیژێکی ئێرانییە و دراوسێکانی تری هەرێمی کوردستانیش وەک تورکیا و سووریا دژی نین، ئەوەیە: هەرێمی کوردستان بگەڕێنێتەوە بۆ **ناوچەیەکی هەژار و لەبیرکراوی عێراق کە پەیوەندییەکی کەمی بە جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە هەبێت**. حکوومەتێک کە دەنگی نەگاتە دونیای دەرەوە و، هیچ پێگەیەکی سیاسیی لە ناوخۆی عێراق و هاوکێشە

هەرێمییەکان نەبێت؛ هەرێمێک هەرگیز گەلی کورد چاوەڕێی ئەوەی لێ نەکات کە ببێتە پەناگە بۆ بەشەکانی تری کوردستان؛ ئا ئەمەیە ئەو سیاسەتەی کە هەر یەکە لە تورکیا و ئێران و سووریاش پشتگیریی لێ دەکەن.

▪ **ئایا ڕاستە کە هەرێمی کوردستان چیتر بۆ ئەمریکا گرنگ نییە؟**

لە ڕاستیدا ئەمریکا بێدەنگ نییە لەوەی لە عێراق دەگوزەرێت؛ ئەوان بەردەوام ڕێنمایی و ڕای خۆیان هەیە لەسەر کێشەکانی بەغدا و هەولێر؛ بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ئەمریکییەکان، بەتایبەتیش ئیدارەی بایدن، ڕۆڵێکی سنووردایان لە عێراقدا هەیە، کە بەزۆری ناگاتە ئاستی گوشارخستنە سەر بەغدا. ئەمەیش پەیوەست نییە بە پشتکردنی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، یان وەک ئەوەی باس دەکرێت کە هەرێمی کوردستان پاشەکشەی لە پرسەکانی دیموکراسی کردووە، بەڵکوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێگەی عێراق ئێستا وەک دوای ٢٠٠٣ لە ڕیزبەندی پرسە سەرەکییەکانی ئەمریکادا نییە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئەمریکا ستراتیژێکی تایبەتی نییە بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەڵکوو لە چوارچێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ عێراقدا سەیری هەرێمی کوردستان دەکات. بۆیە ئەمە وای کردووە گرنگیی هەرێمی کوردستانیش وەک جاران نەبێت بۆ ئەمریکا، بەتایبەت پرسی ململانێی ئەمریکا لە ئاسیا و جەنگی ئۆکراینا، لە گرنگیی پرسی عێراقیان کەم کردۆتەوە لە سیاسەتی ئەمریکادا. ئێستا پرسێکی تریشی هاتۆتە سەر کە جەنگی ئیسرائیل و حەماس یان فەڵەستینە؛ ئەمە وا دەکات کە سەرنجی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، زیاتر لەسەر ئەم پرسانە بێت تا لەسەر عێراق، چونکە نابێت بیرمان بچێت کە کێشەی هەرێمی کوردستانیش هەر کێشەی عێراقە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لە چوارچێوەی عێراقدا هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆری هەیە بۆ ئەمریکا. هەرێمی کوردستان ئێستایشی لەگەڵدا بێت، هاوبەشێکی سەرەکیی ئەمریکییەکانە لە شەڕی تیرۆر. دواتر هەماهەنگیی ئەمریکییەکان زۆرترە لەگەڵ هەرێمی کوردستان تا لەگەڵ عێراق، چونکە هەرێمی کوردستان زیاتر گوێڕایەڵی ئەمریکییەکانە تا عێراق. ئەجێندای هەرێمی، کەمتر کاریگەریی هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان تا لە عێراق. لە هەموویشی سەرەکیتر، هەرێمی کوردستان هەمیشە ئەمریکا وەک پاڵپشتی سەرەکیی مانەوەی خۆی لە عێراق و ناوچەکەدا دەبینێت، بەڵام بۆ عێراق دۆستایەتیی ئەمریکا بەو شێوەیە نییە. **دەتوانین بڵێین کە ئەمریکا هەرێمی کوردستان وەک فاکتەرێکی هاوسەنگیی نێوان سێکوچکەی حوکمڕان لە عێراقدا دەبینێت. ئەمریکا تا ئێستایش لەگەڵ بوونی هەرێمی کوردستانە وەک کیانێکی دامەزراوەیی و بەهێز، کە بتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر پڕۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا. ئەمریکا نایەوێت عێراق بەتەواوی بکەوێتە ژێر هەژموونی شیعەکان.** لەم سۆنگەیەوە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی تایبەتی هەیە لای ئەمریکا، بەڵام ئەو پێگەیە وابەستەی دوو فاکتەرە: فاکتەری یەکەم، پەیوەستە بە پێگەی عێراق لە سیاسەتی ئەمریکادا؛ دووەم، پەیوەستە بە پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. بەداخەوە، ئێستا لە هەردوو ئاستدا پێگەی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی باشدا نییە!

▪ **هەرێمی کوردستان چۆن کار بکات بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی بەغدا؟**

گوشارەکانی بەغدا بەشێکن لە ڕوانگەی ئەو نوخبە سیاسییەی کە ئێستا لە بەغدا حوکم دەکەن؛ مەبەست سەرۆکوەزیران (محەمەد شیاع سوودانی) نییە، بەڵکوو ئەو لایەنانەیە کە ئەجێندای هەرێمییان هەیە و نزیکن

لە ئێران. ئەمانە بەشێک لەو سیاسەتەی ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان پراکتیزە دەکەن؛ بەشەکەی تری پەیوەستە بەو نوخبە پۆپۆلیستە نوێیەی کە دوای ساڵی ٢٠٢٠ هاتوونەتە ناو پەرلەمانی عێراق. ئەمانە بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی خەڵکی خواروو و ناوەڕاستی عێراق، دژایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن. هەر بۆیە وەستانی گوشارەکان ئەستەمە ئەگەر هەوڵێک نەبێت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە. ئەو هەوڵەیش بەر لە هەر شتێک گەڕانەوەی دۆخی هاپەیمانێتیی یەکێتی و پارتییە لە بەغدا. ئەمەیش لە ڕێگەی دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ یەکێتی دەبێت لە هەرێمی کوردستان. مەبەستم ئەوەیە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیداری میری لە ١٠/١٠ ئاماژەی پێ دا، پێویستمان بە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنێکی هاوبەشی تر هەیە لەگەڵ یەکێتی. دەکرێت ئەنجومەنێکی هاوبەش لە یەکێتی و پارتی و لایەنی تریش- گەر بیانەوێت بێنە ناو ئەنجومەنەکە- دروست بکرێت. بەتایبەت کە ئێستا یەکێتی یەکدەنگتر و سەقامگیرترە بۆ ڕێککەوتن؛ لە دوای کۆنگرە یەکێتییش پێویستی بەو لێکتێگەیشتنە هەیە. بۆ ئەم مەبەستە **پارتی دەبێت دەستپێشخەر بێت و لەگەڵ تیمی نوێی یەکێتی لەسەر چۆنێتیی حوکمڕانی گفتوگۆیەکی جددی بکات، نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەڵکوو لە بەغداش وەک یەک پاکێجی ڕێککەوتن؛ چونکە ئەزموونمان هەیە کە ڕێککەوتن تەنیا لە هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نابێت ئەگەر عێراقیش نەگرێتەوە.** بێجگە لەو خاڵە سەرەکییە، دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێکی تریش بکەم:

**یەکەم**، هەرێمی کوردستان دەبێت کەناڵێکی گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکاتەوە؛ یەکێتی بە حوکمی پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئێران، دەتوانێ لەو بوارەدا هاوکار بێت.

**دووەم**، کارکردن لەگەڵ سوننەکان لە پێناو دروستکردنی هاوسەنگی لە بەرامبەر ڕێگرتن لە دروستبونی دیکتاتۆریی شیعەکان. ئێمە وەک هەرێمی کوردستان نەمانتوانیوە وەک پێویست سوود لە سوننەکان وەربگرین کە تا ڕاددەیەکی زۆر هاودەردن بەدەست حوکمڕانیی شیعەکان لە بەغدا.

**سێیەم**، هەرێمی کوردستان دەبێت هەمیشە لەگەڵ هێزە شیعییەکانی ناو دەسەڵات لە پەیوەندیدا بێت (بەتایبەت مالیکی و خەزعەلی و عامری و، هەروەها سەدرییەکانیش). پێویستە سەردانی بەردەوام هەبێت بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان نەپچڕێن.

**چوارەم**، هەرێمی کوردستان لینکێکی لەگەڵ بەشێک لە فەرماندەکانی حەشدی شەعبی هەبێت، چونکە حەشد کاریگەریی زۆریان بەسەر سیاسەت و ڕوانگەی سیاسی و ئاسایشی عێراقەوە هەیە.

**چەند هەنگاوێکی دەستووریی پێشوەختە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا**

یەکێک لەو پرسانەی کە دەبێت هەرێمی کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ سوننەکان کاری لەسەر بکات پرۆژە یاسای (ئەنجومەنی فیدراڵی)یە کە هاوبەشی دەسەڵاتی یاسادانانە کە لە ماددەی (٤٨) و(٦٥)ی دەستووردا هاتووە. وەک دەزانین دەسەڵاتی یاسادانان لە کۆماری عێراقی فیدراڵ، لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی پێك دێت. ئەمەیش خاڵێکی ئەرێنی و بەهێزی دەوڵەتی فیدراڵییە کە دەسەڵاتی یاسادانان دووانەیی بێت و دان بە هەبوونی دەستووری هەرێمەکان بنێت؛ واتە دەستووریش دووانەیی بێت، بۆ نموونە لە ماددەی (٦٥)ی دەستووردا هاتووە:

"ئەنجومەنێکی یاسادانان پێك دەهێنرێت کە بە "ئەنجومەنی فیدراڵی" ناو دەبرێت، نوێنەرانی هەرێم و ئەو

پارێزگایانە لەخۆ دەگرێت کە ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە، پێکهاتە و مەرجەکانی ئەندامێتی و بواری تایبەتمەندێتیی ئەم ئەنجومەنە و هەرچی پەیوەندیدارە بەم بوارەوە، بە یاسا ڕێك دەخرێت بە زۆرینەی 3/2 (دوو لە سێ)ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران." جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە، کارتێکی بەهێز لەدەست شیعەکان دێنێتە دەر و هانی دروستبوونی هەرێمی تریش دەدات. بەتایبەت وا دەکات کە هەرێمی کوردستان بەشێک لەو گوشارە زۆرەی دیکتاتۆرییەتی زۆرینەی شیعە و سوننەکان لە پەرلەمان کەم بکاتەوە.

پرسێکی تر بریتییە لە پرۆژە یاسای دەستەی پاراستنی مافی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لەناو هەرێمەکاندا ڕێک نەخراون :لە ماددەی (١٠٥) و ماددەی (١٠٦)ی دەستووردا پرسی دەستەی مافی پاراستنی هەرێمەکان و پارێزگاکان ڕوون کراوەتەوە؛ بۆیە هەرێمی کوردستان دەبێت ئامادەکاری بکات بۆ تێپەڕاندنی ئەم یاسایە. بۆ نموونە لە ماددەی (١٠٥)ی دەستووردا هاتووە:

"دەستەیەکی گشتی پێك دەهێنرێت بە مەبەستی پاراستنی مافی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە بۆ بەشداریکردنیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتی فیدراڵی و نێردەکان و زەمالەکانی خوێندن و شاندەکان و کۆنگرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. ئەم دەستەیەیش پێك دێت لە نوێنەرانی حکوومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی سەر بە هیچ هەرێمێك نین و، ئەوەیش بە یاسا ڕێك دەخرێت." مەبەستم ئەوەیە هەرێمی کوردستان دەبێت پشت بە هەندێک لەو بنەما دەستوورییانە ببەستێت کە لەناو دەستووری عێراقدا هاتوون و لە بەرژەوەندیی هەرێمەکانن.

**لە ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت چی بکات؟**

ڕاستییەکەی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەرێمی کوردستان کارتێکی وای لەدەستدا نییە، تەنیا ئەوەیە چۆن بتوانێت وەک کیانێکی سیاسی بمێنێتەوە؛ کە ئەمەیش ئامانجی هەموو قەوارەیەکی سیاسییە. ئەمەیش بە دوو ڕێگە دەکرێت: **یەکەم**، هەرێمی کوردستان نەبێتە کێشە و سەرئێشە بۆ ئێران و تورکیا، چونکە ئەم دوو هێزە توانای زۆریان هەیە لە تێکدانی دۆخی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە هەرێمی کوردستان نابێت داڵدەی هێزە چەکدارەکانی دژی ئەو دوو وڵاتە بدات لە هەرێمی کوردستان، بەڵکوو دەبێت ئەم کێشانە زیاتر بۆ حکوومەتی عێراق جێ بهێڵێت کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، نابێت لەبیرمان بچێت کە بە نەمانی ئەو هێزە چەکدارانەیش پەیوەندیی ئەم دوو وڵاتە لەگەڵ هەرێمی کوردستان نابێتە پەیوەندییەکی دۆستانە؛ چونکە هەم تورکیا و هەم ئێران تا ئێستایش وەک پرسێکی ئاسایشی یان بەئاساییشکراو (securitization) مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکەن؛ چوارچێوەیەکی سنوورداریان بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە کە نابێت لەو چوارچێوەیە لا بدات؛ بۆ نموونە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ٢٠١٧ لادان بووە لەو چوارچێوەیە و، بینیمان کە چۆن لەلایەن توکیا و ئێرانەوە دژایەتیی کرا. **دیسان مانەوەی ئەو هێزە چەکدارە ئۆپۆزیسیۆنانەیش گرنگە، بەڵام نەک ئەوەندە بەهێز بن کە ببنە هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان دەبێت سوود لە پەیوەندیی باشی پارتی لەگەڵ تورکیا و پەیوەندیی باشی یەکێتی لەگەڵ ئێران وەرگرێت. بەڵام بۆ چۆنێتیی پەیوەندی لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە، دەبێت هەماهەنگییەکی نیشتمانی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا هەبێت.**

ئەوەی تایبەت بێت بە ئاستی نێودەوڵەتی، پێویستە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکی و ئەوروپییەکان کار بکات، بەتایبەت بە لۆبیکردن لە ئاستی کۆنگرێسی ئەمریکا وەک ئەو نامەیەی کە چەند کۆنگرێسمانێک دایان بە سەرۆک بایدن سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستان. هەروەها لە ئاستی خانە هزرییەکانی جیهان، لە ڕێگەی نووسینی پۆلەسی (سیاسەت/ ڕێباز) و توێژینەوە کە ئەمریکا هان بدات پارێزگاری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان بکات. لەم ماوەیەدا لە ئاستی کۆنگرێسی ئەمریکا چەند کۆنگرێسمانێک لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان هەوڵی باشیان دا؛ هەروەها لە ئاستی نووسینیش چەند نووسینێکی پۆلەسی لە ناوەند و گۆڤارە دیارەکانی جیهان لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان بڵاو کرانەوە، بەڵام بەداخەوە ڕووداوی جەنگی ئیسرائیل و فەڵەستین کاریگەریی نێگەتیڤی هەبوو لەسەر لادانی سەرنجی نێودەوڵەتی لەسەر گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستان!

ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان لە هەمووی گرنگترە، بەهێزکردن و بەنیشتمانیکردنی دامەزراوە سیاسییەکانی هەرێمە، بەتایبەت بەردەوامبوون لەسەر پرۆسەی چاکسازی و بچووککردنەوەی پەیکەری حکوومەت و گەڕاندنەوەی داهاتەکان. حکوومەتی هەرێم درەنگ یان زوو، پێویستی بەوەیە کە پەرە بە پیشەسازیی ناوخۆیی بدات و ئامادەکاری بکات کە بتوانێت بەبێ بەغدا لەسەر پێی خۆی بوەستێت. بۆ ئەم مەبەستەیش دەکرێت هەرێمی کوردستان بۆ پێشخستنی ئابووریی هەرێمی کوردستان، سوود لە پسپۆڕانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی وەربگرێت. پشتبەستنی هەرێمی کوردستان لە بواری دارایی، واتە مانەوەی هەرێم وەک ئابوورییەکی شکستخواردوو و پاشکۆبوونی بەغدا نەک تەنیا لە ڕووی ئابوورییە، بەڵکوو لە ڕووی سیاسی و ئەمنییشەوە؛ هەرێمی کوردستان نابێت بە پاساوی پێدانی چەند ملیارێک لەلایەن بەغدا، واز لە چاکسازییە ناوخۆییەکان بهێنێت.

**قووڵاییی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان، کوردستانە نەک عێراق!**

ناتوانم گەشبین بم بە داهاتووی ناکۆکییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوخبەی ئێستای حوکمڕان لە بەغدا، لەبەر چەندان فاکتەر کە پێشتر ئاماژە پێ دراون؛ چونکە ئەم پەیوەندییانە لە بازنەیەکی دۆستایەتیی کاتی (temporary amity) و دژایەتیی بەردەوام (permanent enmity) دەسووڕێنەوە، بەتایبەت کە پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا نە وابەستەی بنەما دەستوورییەکانن نە وابەستەی هاوپەیمانێتیی سیاسییش، بەڵکوو بەتەواوی وابەستەی دیفاکتۆی هاوسەنگیی هێزن. هەرێمی کوردستان دەبێت خۆی لەگەڵ ئەو فۆرمەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا ڕابهێنێت، چونکە ئەستەمە بتوانێت بیگۆڕێت. ئەوەی هەرێم دەتوانێت بیگۆڕێت، دۆخی ناوخۆیەتی کە لەژێر کۆنترۆڵی دوو هێزی سەرەکیدایە. ئەمە دواجار وا دەکات فۆرمی پەیوەندییەکانیش لەگەڵ بەغدا گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەگینا دەبێت هەرێمی کوردستان هەر لە چاوەڕێی کاروانی گۆڕانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا بێت. ئەمەیش کاتێکی زۆری دەوێت و، خۆغافڵکردنە. لەم سۆنگەیەوە قووڵاییی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان، عێراق نییە، وەک بەشێک لە کادیرانی لایەنە سیاسییەکان و ڕۆشنبیران باسی دەکەن، بەڵکوو قووڵاییی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری کوردستانە. هەرێمی کوردستان ئەگەر نەیشتوانێت لە ئێستادا پەیوەندیی سیاسیی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان هەبێت، بەڵام دەبێت کار بکات بۆ گرێدانی پەیوەندیی ئابووری و کەلتووری لەگەڵ ڕۆژاوا، باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمە دواجار فۆرمێکی سیاسی دروست دەکات کە وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان (تورکیا، ئێران و سووریا) ناچار دەبن ڕەچاوی بکەن. بۆ نموونە چەندان جار ئاکپارتی پەنای هێناوەتە بەر هەرێمی کوردستان (پارتی) بۆ چارەسەرکردنی

پرسی کورد لە تورکیا. سیاسەتی هەرێمی کوردستان دەبێت پشتگیریکردن بێت لە خەباتی مەدەنی لەسەر شێوازی هەدەپە کە ئێستا لە باکووری کوردستان هەیە، چونکە خەباتی چەکداری بێجگە لە کێشەدروستکردن بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ خودی پرسی کوردیش زەرەری زۆری هەیە.